# لە ماڵی کوردلە تۆرۆنتۆ زەردەشتایەتی تاووتووکرا



لە درێژەی چالاکییە رۆشنبیرییەکانیدا ، رۆژی شەممە 27/1/ 2007ماڵی کورد لە تۆرۆنتۆ کۆڕێکی بۆ بەڕێز د.ئەحمەدمیراودەلی دەربارەی ئاینی زەردەشتایەتی رێکخست ، لە کۆڕەکەدا میراودەلی کورتە مێژوویەکی ئەو ئایینە کۆنەی باسکردو ئاماژەی بە کاریگەری رێورەسمەکانی زەردەشتایەتی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کرد کە تائەمرۆش لە کوردستاندا بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەم ئایینە پەیڕەوی لێدەکرێت، ئینجا لەلایەن ئامادەبووانەوە کۆمەڵێك سەرنج وبیروبۆچوون وپرسیار خرانە ڕوو ، کەلەلایەن بەڕێز د.ئەحمەد میراودەلییەوە وەڵام درانەوە، ئامادەبووان بەگشتی لەسەر ئەوە هاوڕابوون کە لەکاتێکدا تورك وعەرەب وفارس ئیسلامیان خستۆتە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە کەچی کورد بەپێچەوانەوە نەك هەر ئەم کارەی نەکردووە بەڵکو ئیسلام یەکێك لەهۆکارو وفاکتەرەکانی بەژێردەستەیی مانەوەی کورد بووە.

راگەیاندنی ماڵی کورد لە تۆرۆنتۆ
www.kurdishhouse.org